لەئەنجامی هێرشی مووشەکی حیزبوڵڵا دەیان ئیسرائیلی بریندارببوون و هەزاران چوونەتە پەناگاکان

سەرچاوە میدیاییەکانی ئیسرائیل بریندارببوونی زیاتر لە 10 هاوڵاتی ئیسرائیلی لە زنجیرە هێرشی مووشەکی حیزبوڵڵای لوبنان بە سەر باکووری ئیسرائیل ئاشکرا کرد.

سەرچاوە میدیاییەکانی ناوخۆی ئیسرائیل بریندارببوونی لانیکەم دە کەس لە هێرشی مووشەکی حیزبوڵڵا بە سەر نەهاریا، حەیفا و بەتاح کەیفا ڕاگەیاند.

هەروەها ئەو سەرچاوانە ئاشکرایان کرد کە لە بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە تا ئێستا 200 مووشەک لە لوبنانەوە بەرەو باکوور و ناوەندی ئیسرائیل هاویشتراوە و دەیان هەزار ئیسرائیلی پەنایان بردەتە پەناگەکان.

میدیا ئیسرائیلیەکان ڕۆژی مووشەکی هاویشتراو لە لوبنانەوە لە دوێنێوە تا ئێوەیان بە وێنە وەسف کرد و ڕایانگەیاند: حیزبوڵڵا پشتێنی ئەمنی لە ئیسرائیلدا وەدی هێناوە و ئەو پشتێنە ئەمنییە دەگاتە حەیفام، کێنداوی حەیفا و ناوچەی هەشارن لە ناوەندی ئیسرائیل .